Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080103

# لەمپەرەکانی بەردەم کارکردنی فەرمانبەرانی ئافرەت لە کەرتی گشتیدا: توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەلای فەرمانبەرانی ئافرەتی سەر بە وەزارەتی تەندروستی لە شاری هەولێر

ڕۆزە عبداللە شریف
زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب - بەشی کۆمەڵناسی

کارزان حسن عبدالرحمن
زانکۆی سۆران- فاکەڵتی ئاداب - بەشی کۆمەڵناسی

**Article Info**

Received: January, 2021
Accepted :February,2021
Published :April ,2021

**Keywords**

ئافرەتی فەرمانبەر، کەرتی گشتی، کەرتی تایبەت

**Corresponding Author**

gazo.shareef@gmail.com

karzan.abdulrahman@soran.edu.iq

## پوختە

بەدرێژایی مێژوو ئافرەتان ڕۆڵێکی گەورە و بەرچاویان لە پێشخستن و گەشەپێدانی کۆمەڵگادا هەبووە، لە سەرجەم کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا هاوشانی پیاوان بوونە لە مەیدانی خەبات و کارکردندا.

هەر چەندە بە گوێرەی یاسا و ڕێنماییەکان ئافرەتان دەرفەتی یەکسانیان بۆ ڕەخساوە، وەك پیاوان لە بەشداری کردن لە کەرتی گشتیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتی فەرمانبەر ڕووبەڕووی ئاستەنگ و کۆسپ بۆتەوە، ئەمەش وای کردووە زۆر جار ئافرەت نەتوانی بە ئەرکی خۆی هەڵبستێ، جا چ لەناو خێزان کە خۆی دەبینێتەوە لە ڕاپەراندنی کاری ماڵەوە، یاخود بە ئەنجام گەیاندنی کار و بەرپرسیاریەتییەکانی لەو فەرمانگەیەی کە کاری تێدا دەکات .

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، زانین و دەستنیشانکردنی کاریگەرترین لەمپەرەکانی بەردەم کارکردنی ئافرەتی فەرمانبەرە لە دامودەزگاکانی کەرتی گشتیدا. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چەندایەتییە و میتۆدی بەکارهاتوو بریتییە لە میتۆدی وەسفی شیکاریی، هەر [illegible]
(384) ئافرەتی خێزانداری فەرمانبەر لە شاری هەولێر.

لەم توێژینەوەیەدا، دەرکەوتووە گرنگترین بەربەستەکانی بەردەم بریتین لەم بەربەستانە :- کولتوور و بەها کۆمەڵایەتییەکان، هاوەرینەحردنی پیاوان بۆ ئافرەتان لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی ماڵ، نزمی ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە، شوێنی کارکردن، هەروەها خێزان.

**وشە کلیلییەکان:** ئافرەتی فەرمانبەر، کەرتی گشتی، کەرتی تایبەت.

## پێشەکی

ئاشکرایە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە میانی سیاسەتی گشتی دەرفەتی کارکردنی بۆ ئافرەت ڕەخساندووە، بە گوێرەی یاسا و ڕێنمایەکان بۆ ئەوەی بەشداری کارا بکات، لە بەڕێوەبردنی وەزارەت و داو دەزگا حکومیەکان و دەوڵەمەندکردنی سامانی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان. دام دەزگاکانی کەرتی گشتی ناوەندێکە بۆ بەهێز بوونی پێگەی کۆمەڵایەتی ئافرەت و هەنگاونان بۆ سەربەخۆی ئابووری ئافرەت.

بێگومان کاری ئافرەت لەدەرەوە، بۆەتە بەشێکی گرنگ لە ژیانی زۆرێك لە خێزانەکان ، جیا لە سەردەمی نوێدا، ئافرەتان چ لەشار بووبێ، یان لەگوند کاری کردووە شان بەشانی پیاو، لەهەمان کاتدا بەژداربووە لە بوژانەوەی ئابووری بۆ خێزانەکانیان.

دامەزراندنی ئافرەتان لە کەرتی گشتی دەرفەتێکە بۆ ئەوەی ئافرەتان باز بدەن لە رۆڵی تەقلیدی بۆ ئەوەی لەبوارێکی تر رۆڵ بگێرن، بەمەبەستی گەشەسەندنی توانای مرۆیی و ئابووری وولات. ئافرەتان تونیویانە وسەلماندویانە کە دەتوانن ئەم پێگە ئیداریانە وەربگرن، کە بە دەگمەن بۆ

**ئافرەتان بە ڕەوا دەبینرا. دامودەزگا حکەمییەکان ناوەندێکە لە کۆمەڵگای کوردستان بۆ ئەوەی ئافرەتان بەشداری کارا بکەن لە خزمەتکردنی وولات و وەرگرتنی پلە و پایەکانی بەڕێوەبردنی حکومەت ( عەلائەددین، 2013: 13 )**

**سەرەڕای توانای ئافرەت وەکو بونەوەرێکی کۆمەلایەتی چالاک لە کۆمەڵگا، لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە جۆراوجۆرەکانی لە زۆربەی سێکتەرە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەلایەتی، بەلام کارکردن لە دەرەوەی ماڵ وەکو کارمەند ، زۆرجار لە کۆمەڵگا دەرئەنجامی نەرێنی لێکەوتۆتەوە بەهۆی ئەو ئاستەنگ و گرفتانەی ڕووبەڕووی بۆتەوە. ئاستەنگەکانی بەردەم کارکردنی کارمەندی ئافرەت لە کەرتی گشتیدا زۆرن، بەلام ئێمە هەوڵمان داوە تیشك بخەینە سەر چەند بەربەست و ئاستەنگێك، لە بواری کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و شوێنی کارکردن .**

**. جێگەی ئاماژەیە ئەم توێژینەوەیە سەرەڕای پێشەکی چەند تەوەرێکی سەرەکی لەخۆدەگرێت کە بریتین لە :- ( چوارچێوەی گشتی توێژینەوە، کورتەیەك دەربارەی بەشداریکردنی ئافرەت لە دام و دەزگا حکومیەکان، چوارچێوەی یاسایی کارکردن لە کەرتی گشتیدا، ئاستەنگەکانی بەردەم کارکردنی ئافرەت، میتۆدلۆژیا و ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوە، خستنەڕووی زانیارییە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوە، خستنەڕوو و گفتۆگۆی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، ئەنجامەکانی توێژینەوە، پێشنیازەکان، ڕاسپاردەکانی توێژینەوە).**

## تەوەرەکانی توێژینەوەکە:-

### تەوەری یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

### 1- گرفتی توێژینەوە

دیاریکردنی گرفتی توێژینەوە بە هەنگاوی یەکەم و خاڵی دەسپێك دادەنرێت [illegible] لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئافرەتان بەشداری کارایان هەیە لە گەشەی ئابووری وڵات لە کاری فەرمی دام و دەزگاکانی دەوڵەت لە پاڵ ڕاپەڕاندنی ئەرکی خێزانی و پەروەردەی منداڵ. لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخساوە، وەك پیاو بەشدار بن لە دامو دەزگاکانی حکومەت و پلە و پایەیان هەبێت. بەلام ئافرەتان بەهۆی کۆمەڵێک فاکتەری کولتووری و کۆمەلایەتی و پێکهاتەی جەستەیی و بایۆلۆژی، دووچاری کۆمەڵێک لەمپەر و ئاستەنگ دەبنەوە لەماوەی کارکردنیاندا لە دەرەوەدا بە تایبەتی لەکەرتی گشتیدا.

باروودۆخ و فاکتەرە کۆمەلاتییەکان، ڕۆڵی دوو لایەنە دەگێڕن، لەلایەکەوە بۆ دانپێدانان بە تواناکانی ئافرەت، لەلایەکی ترەوە بۆ دروستکردنی ئاستەنگ و لەمپەر لەبەردەم کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوە بەتایبەت لە دام و دەزگاکانی حکومەت. بۆ نموونە ئەو پیشانەی پشوویان زۆرە، بەبەراورد بەپیشەکانی تر بۆ ئافرەتان بە پەسەندتر دادەنرێت، یاخود پیشەی مامۆستایەتی لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەکان پەسەندترە لە پیشەی پۆلیسی و کارکردن لە ناو دامودەزگاکانی ئاسایش و ڕاگەیاندن، ئەمەش بەهۆی عەقلیەت و تێڕوانینی کۆمەڵگا و ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگایە. ئافرەتی کارمەند ئەرکێکی قورسی لەسەر شانە، ئەمەش بەهۆی ئەو بەرپرسیاریەتییە جۆراوجۆرانەی، کە هەیەتی چ لەناو ماڵ و چ لەدەرەوە وەکو کارمەند، فشارێکی زۆر لەسەر ئافرەتان دروستدەکات، چونکە پێویستە هاوسەنگی لە نێوان ئەرکی خێزانی و بەرپرسیارتییەکانی کارکرنی لەدەرەوە دروستبکات.

کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوە، هۆکارێکە بۆ دووچاربوون بە شڵەژان و لەدەستدانی کۆنترۆڵی دەروون و توانای تەرکیز و دووچاربوون بە دڵەڕاوکێ، جگە لەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە بە هۆی پێکهاتە ئەندامیی و جەستەیییەکەیەوە. زۆربەی ئەو ئافرەتانەی کە کاردەکەن لەدەرەوە، دەناڵێنن بە شەکەتی جەستەیی و هزری، ئەم باروودۆخانەش کاریگەری دەبێت لەسەر بەجێگەیاندنی ئەرکە پەروەردەییەکانی ئافرەت لەناو خێزان (نادیة، 2012: 7).

### 2- گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە دوو لایەنەوەیە( تیۆری و پراکتیکی)، لە لایەنی تیۆرییەوە تیشک دەخاتە سەر بابەتێکی هەستیار و زیندوو کە ئاستەنگەکانی بەردەم کارکردنی کارمەندی ئافرەتانە لە کەرتی گشتی؛ هەروەها هەوڵدانە بۆ [illegible] بەردەم کارکردنی ئافرەتان و جۆر و ماهیەتی ئەم ئاستەنگ و لەمپەرانە لە کەرتی گشتی لە شاری هەولێر. هەروەها هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوەی باشترین میکانیزم و ڕێکارەکان بۆ کەمکردنەوەی لەمپەرەکان بەردەم کارکردنی ئافرەتان. گرنگییە پراکتیکیەکەی ئەم توێژینەوەیە، لە دۆزینەوەی ئەو ئەنجام و دەرئەنجامانەیە، کە لە ڕێگای لایەنی پراکتیکییەوە بەدەستهاتوون لە دەرخستنی ئاستەنگەکانی بەردەم کارکردنی کارمەندی ئافرەتانە لە کەرتی گشتی، بە بەکارهێنانی ئامرازە ئاماریی و ڕێکارە میتۆدییەکان. هەروەها خستنەڕووی پێشنیاز و ڕاسپاردە و تێڕوانینی گونجاو کە بە دەستهاتوون لەسەر بنەمای ئەنجامەکان لەمەڕ واقعی بابەتەکە.

**3- ئامانجەکانی توێژینەوە**

ئامانجی توێژینەوەی زانستی دەستنیشانکردنی ڕاستییەکانە، دەربارەی وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە لە هزری توێژەر گەڵاڵە دەبن لەبارەی بابەتی توێژینەوەکەی، ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە:- زانین و دەستنیشانکردنی کاریگەرترین لەمپەرەکانی بەردەم کارکردنی ئافرەتی کارمەند لە دامودەزگاکانی کەرتی گشتیدا. هەروەها هەڵوەستە کردنە لەسەر جۆری بەربەستەکانی بەردەم ئافرەتی فەرمانبەر، کە دەبنە ئاستەنگ لە کاتی کارکردنیدا .

**4-پرسیارەکانی توێژینەوە**

1. ئایا دیارترین و کاریگەرترین لەمپەرەکانی بەردەم کارکردنی ئافرەتی کارمەند لە دامودەزگاکانی کەرتی گشتیدا چین؟ یان بەشێوەیەکی تر بڵێین چونە دەرەوەی ئافرەتی کارمەند بۆ کار، وەك فەرمانبەر یان گرێبەست ئەوا ئەو گرفت و لەمپەرانە کامانەن کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لەماوەی کارکردنیاندا ؟

**5- چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوە**

**یەکەم:- فەرمانبەری ئافرەت (women employee)**

فەرمانبەری ئافرەت ئەو ئافرەتانەن کە لە دەرەوەی ماڵ کاردەکەن، لەبەرامبەر کارەکانیشیاندا کرێی خۆیان وەردەگرن، هەروەها بە دوو ڕۆڵی سەرەکی هەڵدەستن لە ژیانیاندا یەکیان وەکو پەروەردەکار، دووەمیان وەکو فەرمانبەر( عبدالفتاح، 110:1972).

لەلایەکی ترەوە فەرمانبەری ئافرەت پێناسەکراوە بەو ئافرەتانەی کە لە کەرتە جیاوازەکان کاردەکەن، چ بەرهەمهێنان بێت یان خزمەتگوزاری، لەبەرامبەر ئەو کارەدا بڕێک پارە وەردەگرن، هەڵدەستن بەڕۆڵی فەرمانبەر یاخود کارکەرێک سەرەڕای ڕۆڵی وەکو هاوسەر و دایک لە ماڵەوە، سروشتی کارەکەشی وادەخوازێت بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک دوور بێت لە ماڵەوە (البني و الحوراني،2019: 652-653).

لە پێناسەیەکی ڕێکاریدا: ئەو ئافرەتانەن کە لە دەرەوەی ماڵ لە وەزیفەیەکی دیاری کراودا کاردەکەن، لە دامەزراون لە دامودەزگاکانی حکومەت، بە جۆرێك چەند کاتژمێرێك دەخایەنێت لە بەرامبەردا بڕە پارەیەک یاخود مووچەیەکی دیاریکراو وەردەگرن .

**دووەم:- کەرتی گشتی (Public Sector)**

کەرتی گشتی "تەوەرەیەکی سەرەکییە، لە خێراکردنی کرداری گەشەکردنی ئابووری و هەمە جۆرکردنی سەرچاوەی داهاتی نەتەوەیی و بنیاتنانی پرۆژەیەکی ئابووری گەورە و پێشکەوتوو لەلایەنی تەکنیکی و کارگێڕی، هەروەها گۆڕینی شێوازی داهات لە ڕێگەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان و هەروەها شێوازەکانی خەرجی گشتی "( عبدالله، 2018 : 2) .

کەرتی گشتی بریتییە لەو یەکە ئابوورییانەی کە دەوڵەت خاوەندارێتییان دەکات و هەڵدەستێت بە بەرهەمهێنانی کاڵاکان و خزمەتگوزاری و فرۆشتنیان لەبەرامبەر نرخێکی دیاریکراو بۆ بەکاربەرەکانی ( حسن،2006: 5).

لە پێناسەیەکی تردا کەرتی گشتی پێناسەکراوە، بەو دامودەزگا حکومیانەی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڵدەستن بە پێشکەشکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خزمەتگوزاری سەرەکی بۆ هاوڵاتیان، ئەمەش گوزارشتە لە ڕۆڵی دەوڵەت و بەرپرسیاریەتی بۆ بەهێزکردنی چاودێری و پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگا (رحاحله، 2012 :2).

لە پێناسەیەکی ڕێکاریدا: کەرتی گشتی بریتییە لە سەرجەم فەرمانگە و دامەزراوەکانی حکومەت، کە دەوڵەت خاوەندارێتیان دەکات و لەژێر دەستەڵات و چاودێری حکومەت دان، ئامانجیان ڕاییکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بۆ سەرجەم هاوڵاتیان.

**سێیەم: کەرتی تایبەت (Private Sector)**

کەرتی تایبەت بریتییە لە ڕەگەزێکی سەرەکی و ڕێکخراو لە چاڵاکی ئابووری خاوەندارێتی تایبەت، بەهۆیەوە پرۆسەی بەرهەمهێنان ئەنجام دەدرێت لەسەر بنەمای بازار و کێبەرکێ لەپێناوی قازانج و بەرژەوەندی تایبەت ( کریم و مسعود، 2011: 3).

لە پێناسەیەکی تردا کەرتی تایبەت پێناسەکراوە، بە کەرتێك لە ئابووری ووڵات کە بنچینەی سەرەکی خاوەندارێتی تاکە بۆ دروست کردنی ئامرازەکان و دروستکردنی کەرستەکانی بەرهەمهێنان لە بازارەکان(مشري، 2013 : 6).

کەرتی تایبەت گوزارشتە، لە هەموو ئەو دامودەزگا و کۆمپانیایانەی کە حکومەت خاوەندارێتی ناکات، بەڵکو خاوەندارێتی و مافی مامەڵەکردنی بەتەواوی دەگەڕێتەوە بۆ سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیاکە ( الموسوی و عبدالرزاق،2020 : 175).

لە پێناسەیەکی ڕێکاریدا، کەرتی تایبەت بریتییە لە ڕەگەز و سێکتەرێکی گرنگی ئابووری ووڵات، کە لەلایەن تاك یان گروپ دادەمەزرێت لە بوارە جیاوازەکان، لەلایەن سەرمایەدارێک یان گروپێک لە بازرگان لە پێناوی قازانج و گەشەپێدانی وڵات.

**تەوەرەی دووەم:- کورتەیەك دەربارەی بەشداریکردنی ئافرەت لە دام و دەزگا حکومیەکان :**

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە ساڵی (1992) ئامانجی بریتی بوو لە خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە رێگای دام دەزگا فەرمییەکان، بەسوود وەرگرتن لە تواناى مرۆیی کارمەندانی حکومەت بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەر دوو رەگەز . هەر بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری کردووە، بۆ رەخساندنی هەلی دامەزراندنی ئافرەتانیش هاوشانی پیاوان لەسەرجەم سێکتەرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، بەپێی ئەو فەلسەفە و پلانەی دایرێشتووە بۆ خزمەتگوزاری و گەشەپێد... ...ەرای گرفت و ئاڵنگێرییەکانی بەردەم کابینەکانی حکومەتی هەرێم.

بێکاری لەسەر ئاستی شاری هەولێر

دامەزراندنی ئافرەتان لە کەرتی گشتی دەرفەتێکە، بۆ ئەوەی ئافرەتان باز بدەن لە رۆڵی تەقلیدی بۆ ئەوەی لەبوارێکی ...

مرۆیی و ...

کە دەتوانن ئەم پێگە ئیداریانە وەربگرن کە بە دەگمەن بۆ ئافرەتان بە رەوا دەبینرا؛ دامو دەزگا حکومییەکان ناوەندێکە لە کۆمەڵگای کوردستان بۆ ئەوەی ئافرەتان بەشداری کارا بکەن لە خزمەتکردنی وولات و وەرگرتنی پلە و پایەکانی بەرێوەبردنی حکومەت ( عەلائەددین، 2013: 13 ).

بەگشتی لە ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسەتی حکومەت بە قازانجی ئافرەت تەواو دەبێت. کاتێك ئافرەتان لە پاڵ ئەرکی بەخێوکردنی منداڵ و ئەرکە و خێزانی و کۆمەڵایەتیەکانی تر توانیوانە بەشداری بکەن لە کەرتی گشتی وەکو بەرێوەبەر، مامۆستا، پزیشك و پیشەکانی تر کە توانیویەتی سەربەخۆی ئابووری خۆی مسۆگەر بکات هاوکات لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتی، بەشداری ئافرەت لەبواری گشتی پێگەی کۆمەڵایەتی ئافرەت وەك مرۆڤێکی ئەکتیڤ سەلماندووە.

دەست پێشخەری کەرتی گشتی لە رەخساندنی دەرفەتی کارکردن بۆ ئافرەت و پیاو بە شێوەیەکی یەکسان لە ماف و ئەرکەکاندا، بە گوێرەی یاسای خزمەتی مەدەنی عیراق ژمارە (24) بۆ ساڵی (1960) بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت، لە پلانی حکومەت بە ئاراستەی پەرەپێدانی تواناى مرۆییەکان لە کۆمەڵگادا. شایەنی باسە حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بەم یاسایە دەکات لە راپەراندنی پلانی بەرێوەبردنی سامانە مرۆییەکانی حکومەت، کە ئوا هەموار لە ساڵی (2008) لە سەر ئەم یاسایە هەموار کرا لە لایەن پەرلەمانی عێراق.

بۆیە هەر لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتی هەرێم، ئافرەتان دامەزراون و کاریان کردووە بەشێوەیەکی چالاک، لە زۆربەی بوارەکاندا و توانیویانە بەشداربن لە بونیادنانەوەی کوردستان و گەشەپێدان و پێشکەوتنی کۆمەڵگا لەسەرجەم بوارەکاندا. بەڵام لە دوای ساڵی (2014) دامەزراندن لە کەرتی گشتی، واتە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم وستا و بەهۆکاری قەیرانی ئابوورییەوە، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ بڵاوبوونەوەی دیاردەی بێکاری و دانەمەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان لەسەر ئاستی هەردوو رەگەزی نێر و مێ.

خشتەی 1 * رێژەی بێکاری لەسەر ئاستی شاری هەولێر و هەرێمی کوردستان

| | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | **2016 | 2017 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | %4.8 | %2.8 | %3.25 | %9.91 | - | 9.1 |
| | %22.1 | %12.8 | %15.29 | %28.64 | - | |

| | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | **2016 | 2017 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بێکاری | %7.9 | %6.5 | %7.13 | %13.53 | - | %10.1 |

---

* داتاکان لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراون:-

1-راپۆرتی کاروچالاکییەکانی وەزارەتی پلاندانان-(وەرزی سێیەم-2018)، وەزارەتی پلاندانان-حکومەتی هەرێمی کوردستان. وەرگیراوە لە ماڵپەری فەرمی وەزارەتی پلاندانان:-

pid=84&id=124&http://www.mop.gov.krd/index.jsp?sid=1

2-THE WORLD BANK REPORT (2015) ,Kurdistan Region of Iraq : Economic and Social Impact Assessment of the Syrian Conflict and the ISIS Crisis: available online :

https://openknowledge.worldbank.org/handle/10986/21597

3-راپۆرتەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ساڵی 2012 و2014،2016. بڵاوکراوەتەوە لە ماڵپەری فەرمی دەستەی ئامار.

&http://www.krso.net/Default.aspx?page=list c=latestpublication

4- راپۆرتی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، 2014-2018 بە نیشاندەر(2019 ). بڵاوکراوەتەوە لە ماڵپەری فەرمی دەستەی ئامار.

&http://www.krso.net/Default.aspx?page=list c=latestpublication

** هیچ داتا و ئامارێکی بەردەست نییە لەلای دەستەی ئاماری هەولێر و هەرێم، بۆ رێژەی بێکاری لە ساڵی (2016) لەسەر ئاستی هەرێم و شاری هەولێر.

له خشتەی (1) بەپێی داتای بەردەست لەحکومەتی هەرێم دەردەکەویت، کە ڕێژەی بێکاری لە شاری هەولێر لەساڵی (2012) بەرزە، بۆ ڕەگەزی نێر (4.8%) بۆ ڕەگەزی مێ (22.1%)، بەڵام بۆ ساڵی (2013) ڕێژەکە دابەزیوە بۆ ڕەگەزی نێر (2.8%)، بۆ ڕەگەزی مێ (12.8%). بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری ڕێژەی بێکاری هەڵکشاوە بەجۆرێک لە ساڵی (2014) بۆ ڕەگەزی نێر (3.25%) بۆ ڕەگەزی مێ (15.29%). هەروەها ڕێژەکە لە ساڵی (2015) ڕێژەکە زیاتر هەڵکشاوە بۆ ڕەگەزی نێر (9.91%)، بۆ ڕەگەزی مێ (28.64%). بەڵام ڕێژەی بێکاری بۆ ساڵانی (2016) لەسەر ئاستی شاری هەولێر هیچ ئامار و داتایەک بەردەست نییە و ڕووپێوی نەکراوە، هەروەها بۆ ساڵی (2017) بێکاری بۆ هەردوو ڕەگەز (9.1). بێگومان کۆمەڵێک هۆکار ڕۆڵیان هەیە لەبێکاری، لەدوای ساڵی (2014) دامەزراندن لە کوردستان وەستاوە و ڕێژەیەکی زۆری دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان دانەمەزراون و بێکارن.

**تەوەرەی سێیەم: چوارچێوەی یاسایی کارکردن لە کەرتی گشتیدا:-**

**یەکەم:**-یاسایی خزمەتی مەدەنی عێراقی ژمارە (24) بۆ ساڵی (1960) هەموارکراوە– ماف و ئەرکەکانی فەرمانبەر لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێکخراوە کە تێیدا ماف و ئەرکەکان بە شێوەی یەکسان بۆ ئافرەت و پیاو بەرجەستە کراوە بە بێ ڕەچاوکردنی جیاکاری لە سەر ئاستی ڕەگەز.مافەکان وەك لە خوارەوە ڕیز کراوە بۆ ئافرەتان و پیاوان یەکسانە.

- مووچە و دەرماڵە یاساییەکان.
- سەرمووچەی ساڵانە (ئەگەر هۆکاری یاسایی نەبوو لە ڕێگەنەدان).
- وەرگرتنی پلەی وەزیفی بە گوێرەی مەرجەکان کە لەم یاسایەدا هاتووە.
- دەرفەتی ڕاهێنان و پەرەپێدان.
- پارێزگاری لێکردن لە هەرکارێکی ئیهانە کردن و هەرەشە لێکردن و دەست درێژی کردن لە لایەن کەسانی ترەوە.
- مۆڵەتی ئاسایی و نەخۆشی وە مۆڵەتە یاساییەکانی تر.

شایەنی ئاماژە بۆ کردنە مۆڵەتی دایکایەتی بۆ ئافرەتان وەك لە یاساکەدا هاتووە شەش مانگی یەکەم بە مووچەی تەواو وە شەش مانگی دووەم بەنیو مووچە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بە گوێرەی ڕێنمایی پەرلەمانی کوردستان کە لە ساڵی (2004) دەرچووە ئافرەتان بۆ ماوەی ساڵێك مووچەی دایکایەتی وەردەگرن بەمووچەی تەواو.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە کە دوا گۆڕاکاری لە سەر یاسایی خزمەتی مەدەنی عیراقی هەموارکراوی ژمارە (24) بۆ ساڵی (1964) لە ساڵی (2008) ئەنجامدرا، بە هۆی لە بەرچاوگرتنی گۆڕانکاری لە سیستەمی دارایی ووڵات و بە ئامانجی باشتر کردنی بژێوی ژیانی کارمەندانی دەوڵەت (قانون الخدمة المدنية،1960 :237).

**دووەم:- لە سەر ئاستی یاسایی نێودەوڵەتی:**

1. جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ کە لە ساڵی (1948) لە لایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان پەسەندکراوە ماددەی (23).
   A. هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە کاربکات، کاری خۆی بە ئازادی هەڵبژێرێ، هەلومەرجێکی دادپەروەرانە و جێگای ڕەزامەندی بۆ کار کردن تێیدا داوا بکاو لە بەرامبەر بێکاریدا پشتیوانی لێبکرێ.
   B. هەمووان مافی ئەوەیان هەبێ بە بێ جیاوازی دانان لە بەرامبەر کاری وەك یەکدا هەقدەستی وەك یەك وەربگرن (چەند دۆکۆمێنتێکی نێودەوڵەتی لە بارەی مافەکانی مرۆڤەوە، 2000: 4).
2. پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووریەکان کە ساڵی (1966) لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان پەسەندکراوە وە لە ساڵی (1977) خراوەتە بواری جێ بەجێکردن. لە ماددەی (7) ئەم پەیماننامە نێودەوڵەتییەدا هاتووە:

"دەوڵەتانی ئەندام لەم پەیماننامەیە کاردەکەن بۆ فەراهەم کردنی مافی هەموو کەسێك لە ژینگەیەکی دادپەروەرانە و گونجاوی کارکردن، کە تیایدا جەخت بکرێت لە سەر قەرەبوو کردنەوە بەرامبەر هەر کارێك کە کارمەندان و کرێکاران ئەنجامی دەدەن، بە لە بەرچاوگرتنی پێدانی مووچەی گونجاو و قەرەبوو کردنەوەی گونجاو بەرامبەر هەر کارێك بە بێ جیاکاری لە سەر هەر بنەمایەك؛ بە تایبەتی ئافرەتان کە نابێت بارودۆخی کارکردنیان نزمتر بێت لە پیاوان بە لە بەرچاو گرتنی مووچەی یەکسان بەرامبەر کارەکانیان. لەپاڵ ئەمەش بارودۆخی کارکردن پێویستە سەلامەت و تەندروست بێت. ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەمووان لە پێشکەوتن و

بەرزبوونەوەی پلەی وەزیفی لە سەر بنەمایی شارەزایی و کارامەیی، هەروەها ڕەخساندنی کاتی حەسانەوەو دیارکردنی کاتژمێرەکانی کارکردن وەرگرتنی مۆڵەتی بە مووچەو وە پێدانی مووچە لە پشووە فەرمیەکان( Internationl human rights instruments, 2005: 7).

چوارچێوەی یاسایی ڕێخستنی سامانی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان تا رادەیەکی زۆرکۆکە لە گەڵ پرنسیپەکانی یاسایی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی، لە رووی بەرجەستەکردنی مافەکانی ئافرەت لە کەرتی گشتیدا. بەڵام ئەوەی شایەنی هەڵویستە لەسەر کردنە دانانی یاساو دەرکردنی رێنمایی تاکە پێکهاتە نیە، بۆ زاڵبوون بە سەر ئەم کێشانەی کەوا ئافرەتی کارکەر ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لەکاتی خزمەتکردن لە دام دەزگاکانی حکومەت. بۆ نموونە هەڵویستی کۆمەڵگا لە دابەشکردنی پیشە لە سەر بنەمای ڕەگەزی (Tickner, 2005:192).

**تەوەرەی چوارەم: ئاستەنگەکانی بەردەم کارکردنی ئافرەت:-**

پیشەسازی و کشتوکاڵ هۆکار بوون بۆ چوونە دەرەوەی ئافرەت بۆ مەیدانی کارکردن، ئەو دیاردەیە دادەنری بە جووڵانەوەی پێشکەوتنی کۆمەڵگا، لە رێچکەی مێژووی مرۆڤایەتیدا، بەجۆریك ئەو لۆژیکە کۆنەی تێپەراند، کە وای بۆدەچوو شوێنی ئافرەت تەنها ماڵەوەیە، بەڵام بە چوونە دەرەوەی ئافرەت بۆ مەیدانی کار، توانی بەژداربی لە کۆی چالاکیە کۆمەڵایەتییەکان بکات لە پێناو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی (مایو، 2007 : 47 ) .

ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانەی کە ڕووبەڕووی ئافرەتی کارمەند دەبێتەوە، کە وەك خاڵی نەرێنی سەیردەکرێ کاتێك دەچێتە مەیدانی کارکردن پەیوەستە بە خودی کەسەکە، خێزان، هەروەها پەیوەستە بە پابەندبوونی حکومەت بە پلانی کارکردن و بەژداری پێکردنی ئافرەت لە کەرتی گشتیدا (مایو، 2007 : 48 ) .

درێژی کاتەکانی کارکردنی ئافرەتان دەبێتە بەربەستێک، کاریگەری دەبێت لەسەر سروشت و پێکهاتەی جەستەی، بەجۆرێك دەبێتە هۆی بیتاقەتی و پاڵەپەستووی دەروونی، کۆی ئەمانە ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر پرۆسەی بەرهەم و کارکردنی .

ئەو پەیوەندییەی ئافرەتی کارکەر لەگەل خاوەن کار ئاستەنگێکی ترە، ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە شوێنی کارەکەیدا، ئەو پەیوەندی یە بەچەند شێوەیەك لێکدانەوەی بۆ دەکرێ (بوفوار، 2014 : 316 ) .

لە توێژینەوەیەکدا کە لەلایەن برتۆن و گۆڵد کە لە ساڵی (2007) ئەنجامدراوە، لە بریتانیا دەربارەی ڕێژەی بەشداری ئافرەتان لە بواری گشتی و تایبەتدا، ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە کە ئافرەتان و پیاوان بە شێوەیەکی یەکسان هەفتانە بۆ ماوەی (50) پەنجا کاتژمێر کاردەکەن لە دام دەزگا و کۆمپانیاکان، هاوکات لە پاڵ ئەمە ئافرەتان هەفتانە (37) کاتژمێر لە کاتی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ کاری ماڵەوە و چاودێری منداڵەکانیان لە کاتێکدا پیاوان تەنها (19) کاتژمێر هەفتانە تەرخان دەکەن بۆ چاودێری خێزان و منداڵ ( Bratton and Gold,2007:233).

لە لایەکی ترەوە ئافرەتی فەرمانبەر ڕووبەڕووی ئەرکی هاوسەنگ کردنی بەرپرسیارێتی کارکردن و ئەرکی بەخێوکردنی منداڵ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕۆژانەی ماڵی دەکەوێتە ئەستۆ. بارودۆخی ئەمرۆی کارکردنی ئافرەت پاڵەپەستۆی خستووتە سەر ئافرەت بۆ دابەشکردنی کات و دیاری کردنی ئەولەویاتی خێزان و ئامانجەکانی بۆ ئەوەی بە ئاقاری خۆش گوزەرانی گوزەرە بکات.

دەتوانیین بڵێین بەهۆی بەربەستێکی تری ئافرەتانی فەرمانبەر، بریتییە لە ڕاپەراندنی بەرپرسیاریەتییە جیاوازەکانی لە دەرەوە و ماڵەوەدا، ناتوانێت هەموو توانا و کاتەکانی خۆی تەرخان بکات بۆ گرنگیدان بە پەروەردەکردنی منداڵەکان. بە تایبەتی لە لایەنی سۆزی و کۆمەڵایەتی لە بەر ئەوەی رۆژانە زیاتر لە (8) کاتژمێر لە دەرەوەی ماڵ بەسەر دەبات ناتوانێت بە شێوەی پێویستی یاری یان چالاکی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدات، کە بۆ گەشەی سۆزی و گەشەی کۆمەڵایەتی منداڵ گرنگە.

لەهەمانکاتدا لەبەر تەرخان نەکردنی کاتی پێویست بۆ گەشەپێدان لە سەر ئاستی تاکە کەسی وا دەکات ئافرەت دەرفەتی ڕاهێنان و گەشەی وەزیفی بە شێوەی پێویست بۆ مەیسەر نەبێت (Ali، 2001: 3).

لە هەندێك حاڵەتدا، لەبەر ئەوەی ئافرەتەکە ناتوانێت هاوسەنگی لە بەرپرسیاریەتییەکانی کارکردن و خێزان بەدی بهێنێت، بۆیە لە پەیژەی وەزیفی بە ئاستی پێویست ناتوانێت بەرز ببێتەوە.

کەواتە دەکرێت بڵێین، عەقڵیەتی پیاوسالاری و بەکەمتر سەیرکردنی ئافرەتان لە چاو پیاوان لە مەیدانی کاردا، لەگەڵ ڕووبەڕووبونەوەی ئافرەتان بە گێچەڵی سێکسی بەهۆی پێکهاتە جەستەییەکەیەوە، لەهەمانکاتدا بەرپرسیارییەتیە جیاوازەکانی ئافرەتان لەدەرەوە و ماڵەوە بەربەستگەلێکن لەبەردەم ئافرەتان.

**تەوەرەی پێنجەم: میتۆدلۆژیا و ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوە**

**یەکەم:میتۆدی توێژینەوە (Research Method)**

ئەم توێژینەوەیە، بە توێژینەوەیەکی چەندایەتی دادەندرێت، واتە ئەو توێژینەوانەن کە ڕاڤەی دیاردەکان دەکەن لە ڕێگەی کۆکردنەوەی داتا و ژمارە و شیکردنەوەیان، بەپشت بەستن بەو ڕێگایانەی کە لە زانستی بیرکاری بەکاردێن بەتایبەت ئامار ( صوان،2017: 55).

گونجاوترین ڕێباز یاخود میتۆد بۆ ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە میتۆدی وەسفی بەهۆیەوە دەتوانیین وێنەیەکی شیکاری و وەسفی بابەتی توێژینەوەکەمان بکەین. ڕێبازی وەسفی شێوازێکە لە شێوازەکانی شیکردنەوەیەکی چڕی زانیاری پێویست و وورد لە بارەی دیاردەیەک یان بابەتێکی دیاریکراو، یاخود لە بارەی ماوەیەک یان ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو، لە پێناوی گەیشتن بە دەرئەنجامی زانستی و ڕاڤەکردنیان بەڕێگایەکی بابەتییانە کە یەکبگرێتەوە لەگەڵ ئاماژەکانی ئەم دیاردەیە (دويدري،2000:183).

یەکێک لەڕێگاکانی ڕێبازی یاخود میتۆدی وەسفی بریتییە لە (ڕێگای ڕووپێوی کۆمەڵایەتی)یە، ئەمەش یەکێکە لەو ڕێگایانەی توێژینەوە، کە لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان و پەروەردەییەکاندا زۆر بەکاردێت، لەبەر ئەوەی بەهۆیەوە کۆمەڵێک ڕووداو و زانیاری بابەتیانە لەسەر دیاردەیەکی دیاریکراو یان ڕووداوێکی تایبەتی، یان گروپێک یانیش لایەنێک لە لایەنەکانی (تەندروستی، پەروەردە، کۆمەڵایەتی.....) فەراهەم دەکات (زێباری، 2018: 85). توێژەران ڕێگای ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونەی بەکارهێناوە، بەئامانجی گەیشتن بە زانیاری و داتای وورد لە بارەی کۆمەڵگای توێژینەوە و نموونەی وەرگیراو لەو کۆمەڵگایە.

هەروەها توێژەران مێتۆدی مێژوویشیان بەکارهێناوە بۆ قوناغە مێژووییەکانی کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوە و چوارچێوە یاساییەکانی کارکردنی ئافرەتان لە کەرتی گشتیدا لە مێژووی کۆمەڵگاکان. میتۆدی مێژوویی بریتییە لە تۆمارکردن و وەسفکردنی ڕاستی و ڕووداوەکانی ڕابردوو، هەروەها ڕاڤەکردن و شیکردنەوەیان لەسەر بنەمایەکی زانستی و میتۆدی ورد بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئێستا و داهاتوودا ( العزاوي،2008: 79).

**دووەم: بوارەکانی توێژینەوە**

1. **بواری مرۆیی:-** بەژداربووانی ئەم توێژینەوەیە فەرمانبەرانی ئافرەتن، لە کەرتی گشتی لە شاری هەولێر.
2. **بواری شوێنی:-** توێژینەوەکە لەڕووی شوێنەوە تایبەتە بەشاری هەولێر.
3. **بواری کاتی:-** بواری کاتی ئەم توێژینەوەیە لە (2019/11/1- 2020/ 11/15).

**سێیەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری**

1. **پرسیار نامە (فۆرمی ڕاپرسی) (Questionnaire):-** فۆرمی ڕاپرسییەکەمان پێکهاتووە لە (8) پرسیار، لێتوێژەر (3) بژاردەی لەبەردەم بوو، وەڵامەکان، بەم شێوەیەیە (بەڵێ، نەخێر ، تاڕادەیەک). ئەمەش لە دوای ئەنجامدانی چەند ڕێکارێکی میتۆدی بۆ فۆرمەکە وەکو:-

**A. ڕاستگۆی پێوەری توێژینەوە ( Validity of the scale Research):-** ڕاستگۆیی بەکاردێت بۆ ئەوەی بزانین ئاخۆ پێوەرەکەمان ئەو لایەنە پێوانەدەکات کە پێوەرەکەمان بۆ دروستکردووە (Maltby, john Liz Day and Macaskill, 2007:57) توێژەر فۆرمی ڕاپرسی بەسەر (5)* پسپۆر دابەشکرد، کە پێکهاتوون لە کەسانی پسپۆر و تایبەتمەندی جیاواز لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی ڕاستییەتی برگەکان. توێژەر سەرجەم تێبینی و گۆڕانکارییەکانی پسپۆڕانی بەهەند وەرگرت و چاککردنی برگەکانی ئەنجامدا، دەرکەوت پلەی ڕاستگۆیی دەکاتە (%97.66).

**B.جێگیری پێوەری توێژینەوە ( Reliability of the scale Research):-**بریتییە لە هەڵسەنگاندنی سەرجەم ئەو برگانەی کە داندراون بۆ مەبەستی ئەوەی کە ئاخۆ هەموو برگەکان یەك بابەت پێوانەدەکەن یان نا (Maltby, john Liz Day and Macaskill, 2007:577). توێژەر پشتی بەستووە بەڕێگای دووبارە ئەزموون (Test-retest) واتە دووجار یەك پێوانە جێبەجێ دەکرێت لە سەر یەك نموونە لە دوو کاتی جیاواز، بۆ ئەم مەبەستەش نموونەکە پێکهاتوون لە (10) ئافرەتی

---

1. * پ.ی.د. محمد حسین محمد شوانی، کۆمەڵناسی، زانکۆی سەڵاحەدین .
2. پ.ی.د. موراد حکیم، کۆمەڵناسی، زانکۆی سەڵاحەدین .
3. پ.ی.د. ئاراز حکیم رزا، دەروونزانی- پەروەردەی تایبەت، زانکۆی سەڵاحەدین .
4. د. بارزان کمال حسن، کۆمەڵناسی، زانکۆی سۆران .
5. د. هۆشەنگ فرهاد عبدالله ، دەروونزانی، زانکۆی سۆران .

فەرمانبەر ، دەرکەوت بەهای وەڵامەکانیان دەکاتە (.88). بەبەکارهێنانی هاوکێشەی (پێرسون-Pearson) ئەمەش نیشانەی بوونی پەیوەندییەکی بەهێزە لە نێوان یەکەم پرسیارنامە و دوا پرسیارنامەدا.

**چوارەم: کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوە (Population and simple Study)**

کۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لە کۆی هەموو ئەو تاکانەی کە نموونەی توێژینەوە و بەشداربووەکانی تیادا دیاری دەکەی (Coolican, 2014). کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر؛ کە پێکهاتوون لە (6) وەزارەت و ئەنجوومەن و فەرمانگە.

قەبارەی نموونەی توێژینەوەکەمان پێکهاتووە لە (384) کەس لە فەرمانبەرانی ئافرەتی سەر بەوەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناو شاری هەولێر، بەپشت بەستن بە خشتە و پێوەری هەریەکە لە زانایان (sekaran) (Sekaran,2003:249) و (Saunders&Thornhill) (Saunders andThornhill,2007:212) کە تیایدا قەبارەی نموونەی گونجاو دیاریدەکەن بەپێی ئاستی باوەری و قەبارەی کۆمەڵگای توێژینەوەکە. بەپێی ئەم خشتانە قەبارەی گونجاو بۆ توێژینەوەکەمان بە پێی رێژەی هەڵەی (5%) دەکاتە (384) کەس، چونکە کۆی فەرمانبەرانی نموونەکە (19267)* هەزار کەسە.

توێژەر پشتی بە نموونەی مەبەستدار (العینة القصدیە) بەستووە، لە هەڵبژاردنی یەکەکانی توێژینەوەکە. "نموونەی مەبەستدار، ئەم جۆرە نموونەیە کە بەشێوەیەکی هەرەمەکی ڕاناکشرێت، بەڵکو بەشێوەی هەڵبژاردن رادەکێشرێت، نموونەکە بەپێی ئارەزووی توێژەر دەبێت و هەڵی یەکسان بۆ سەرجەم یەکە کۆمەڵایەتییەکان نارەخسێت" (زیباری، 2018: 161). توێژەران تەنها ئافرەتانی فەرمانبەری هاوسەردار لە دامودەزگا و بنکە و نەخۆشخانەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستیان هەڵبژاردووە.

**پێنجەم: ئامرازە ئامارییەکان**

توێژەر ئەم ئامراز و یاسانەی بەکارهێناوە:- 1 -رێژەی سەدی (%) (Percentage) 2-ناوەندی ژمێریاری (Mean) 3-ناوەندی (Median) 4- لادانی پێوەری (Standard Deviation) 5 - سپێرمان (Spearmans Rho) .

* (19267) ئەم داتایە وەرگیراوە لە احمد، خالس قادر، بەڕێوەبەری گشتی کارگێری و دارایی– وەزارەتی تەندروستی. لە رێکەوتی 2019/12/16.

**تەوەری شەشەم : خستنەڕووی زانیارییە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوە**

**1. تەمەن**

گۆڕاوی تەمەن، یەکێکە لەو خەسڵەتە سروشتیانەی کە تارادەیەکی زۆر کاریگەری هەیە، لەسەر جۆری بیرکردنەوە و شێوازی هەڵسوکەوت و مامەڵەکردنی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە.

خشتەی 2 دابەشکردنی تەمەنی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە

| کۆمەڵەی تەمەن | ژمارە | % |
|---|---|---|
| 20-29 | 70 | 18.229 |
| 30-39 | 168 | 43.75 |
| 40-49 | 116 | 30.208 |
| 50-59 | 30 | 7.812 |
| کۆی گشتی | 384 | 100 |

خشتەی 2 ئەوە نیشان دەدات، کە رێژەی ئەو کەسانەی لە تەمەنی(20-29) ساڵیدان رێژەی (18.229%) نموونە پێکدەهێنن، و گەورەترین رێژەی کۆمەڵە تەمەن لە نێوان (30-39) ساڵیدان و رێژەی (43.75%) نموونەکە پێکدێنن. هەروەها ئەوانەی لە نێوان تەمەنی (40-49) ساڵیدان لە نموونەکەدا کە بریتییە لە (30.208%). هەروەها رێژەی (9.895%) بریتین لە ئاستی تەمەنی (50-59) ساڵ، و رێژەی (7.812%). هەروەها ناوەندی ژمێرەیی تەمەن بریتییە لە (37.67) ساڵ .

**2. ئاستی خوێندەواری نموونەی توێژینەوەکە**

ئاستی خوێندەواری یەکێکە لە گۆڕاوە گرنگەکان، چونکە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لەسەر ڕەفتار و چۆنیەتی بیرکردنەوەی تاکەکان و ئاستی بژێوی و جۆری ژیانی تاکەکان، ئاستی خوێندەواری تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە خشتەی 3 ڕوون کراوەتەوە.

خشتەی 3 دابەشکردنی تاکەکانی نموونە بەپێی ئاستی خوێندەواری

| ئاستی خوێندەواری | ژمارە | % |
|---|---|---|
| سەرەتایی | 15 | 3.906 |
| ناوەندی | 24 | 6.25 |
| ئامادەیی | 29 | 7.552 |
| پەیمانگا | 80 | 20.803 |
| بەکالۆریۆس | 216 | 56. 25 |
| خوێندنی باڵا | 20 | 5.208 |

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | 384 | 100 |

لە خشتەی 3 دەردەکەوێت، بەرزترین ڕێژەی نموونەکە، ئەوانەن کە بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە کە ڕێژەیان دەگاتە (25 .56%) ، هەروەها ئەوانەی کە لە ئاستی سەرەتاییدان ڕێژەکەیان (3.906%) و ڕێژەی (6.25%) لە ئاستی ناوەندیدان، هەروەها ڕێژەی (7.552%) لە ئاستی ئامادەیدان، و ڕێژەی (20.803 %) بڕوانامەی پەیمانگایان هەیە، بەڵام ئەوانەی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرایان هەیە ڕێژەیان دەکاتە (5.208%).

**تەوەرەی حەوتەم : خستنەڕووی زانیاریە تایبەتەکانی نموونەی توێژینەوە**

1. ئایا جیاوازی بەدیدەکەیت لە ئەرك و بەرپرسیاریەتی لە نێوان ئافرەت و پیاو لە دام دەزگاکانی کەرتی گشتی؟

خشتەی 4 هەستکردن بە جیاوازی ڕەگەزی ڕووندەکاتەوە

| وەڵام | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 102 | %26.56 |
| نەخێر | 197 | %51.30 |
| تارادەیەک | 85 | %22.13 |
| کۆی گشتی | 384 | %100 |

لە خشتەی (4) بۆمان دەردەکەوێت، ڕێژەی وەڵامەکان (26.56%) بەڵێ یە، هەروەها (51.30%) نەخێرە، بەڵام وەڵامەکان لە (22.13%) تارادەیەکە. ئەم ئەنجامە بۆمان ڕوون دەکاتەوە، کە هەر چەندە لە لایەنی ئەرك و بەرپرسیاریەتییەکان مافەکان یەکسانن بە گوێرەی یاسای خزمەتی مەدەنی عیراق. ڕێنماییەکان جیاوازی ڕەگەزی ڕەچاو ناکات لە پێدانی بەرپرسیاریەتیەکان و مافەکان. بەڵام دەتوانین ئەو هەڵبسەنگێنین کە پیاوان نایانەوێت پێگەو پۆستی ئیداریی خۆیان لەدەست بدەن بۆ ئافرەتان پاڵپشتی بکرین بۆ زیاتر ئەکتیف بوون و کارابوونیان لە کەرتی گشتی. بۆیە دەکرێت بڵێین هێزیکی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە، کە دژی بەرجەستە بوونی یەکسانی بەشداربوونی ئافرەت کە کار دەکات لە ڕێگای پیاوسالاری کەرتی ئابووری و باڵا دەستی تێروانینی پیاوانە لە بەڕێوەبردنی سامانە مرۆییەکان.

2. **ئایا هاوسەنگی لە نێوان بەرپرسیارتییەکانی کارکردن و بەرپرسیارتییەکانی خێزانیدا هەیە؟**

خشتەی 5 هاوسەنگی لە نێوان بەرپرسیارتییەکانی کارکردن و بەرپرسیارتییەکانی خێزان ڕووندەکاتەوە

| وەڵام | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 56 | %14.58 |
| نەخێر | 250 | %65.10 |
| تارادەیەک | 78 | %21.31 |
| کۆی گشتی | 384 | %100 |

لە خشتەی (5) بۆمان دەردەکەوێت، ڕێژەی وەڵامەکان (14.58%) بەڵێ یە، هەروەها (65.10%) نەخێرە، بەڵام وەڵامەکان لە (21.31%) تارادەیەکە. ئەو دەرئەنجامە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە کارمەندانی ئافرەت لە ململانێکی توندن لە بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان بەرپرسیاریەتی خێزان و منداڵ پەروەردەکردن و بەرپرسیاریەتیەی لەو دەزگا حکومەیی کە تێیدا فەرمانبەرن .

3. **ئایا دەتوانیت هاوسەنگی لە نێوان بەرپرسیارتییەکانی کارکردن و بەرپرسیارتییەکانی خێزانیت بپارێزیت؟**

خشتەی 6 پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان بەرپرسیارتییەکانی کارکردن و بەرپرسیارتییەکانی خێزان ڕووندەکاتەوە

| وەڵام | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 78 | %20.31 |
| نەخێر | 243 | %63.28 |
| تارادەیەک | 63 | %16.40 |
| کۆی گشتی | 384 | %100 |

لە خشتەی (6) بۆمان دەردەکەوێت، ڕێژەی وەڵامەکان (20.31%) بەڵێ یە، هەروەها (63.28%) نەخێرە، بەڵام وەڵامەکان لە (16.40%) تارادەیەکە. ئەم دەرئەنجامە ئەوە ڕوون دەکاتەوە لە بەر ئەوەی هەفتانە کارمەندی کەرتی گشتی کە هەفتانە نزیکەی (40) کاتژمێر بۆ کاری وەزیفی تەرخان دەکەن ناتوانن سۆز و پەروەردەی دایکایەتی بەشێوەیەکی تەندروست ببەخشن بە منداڵەکانیان، لە لایەکی تر ئەم بارودۆخە دەبێتە هۆی فەرامۆش کردنی لایەنی تەندروستی کەم بوونەوەی کاتی گرنگیدان بە لایەنی کۆمەڵایەتی وەکو سەردانی نەکردنی خزمان و دۆستان. هاوکاری نەکردنی منداڵ لە لایەنی خوێندن و پەروەردە بەو شێوەیەی کە وەك دایك دەیەوێت پاڵپشتی کوڕەکەی یان کچەکەی بکات. لە پاڵ ئەمەش ئافرەتی کارمەند ناتوانێ بەشێوەیەکی گونجاو و پێویست، کات تەرخان بکات بۆ گەشەپێدانی خودی و بەسەربردنی کاتی حەوانەوە، لە بەر دروست بوونی ئەرك و بەرپرسیاریەتی لە دوو لایەن.

4. **ئایا شوێنی کارکردن بووەتە ئاستەنگ بۆ ئافرەت لە کەرتی گشتیدا ؟**

خشتەی 7 شوێنی کارکردن وەکو ئاستەنگێک بۆ ئافرەت لە کەرتی گشتی دا ڕووندەکاتەوە

| وەڵام | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 217 | %56.51 |
| نەخێر | 100 | %26.04 |
| تارادەیەک | 67 | %17.44 |
| کۆی گشتی | 384 | %100 |

لە خشتەی (7) بۆمان دەردەکەوێت، زۆرترین وەڵامی نموونەکە بەبەڵێ یە، کە دەکاتە (%51.56)، هەروەها ڕێژەی (%26.04) نەخێرە، بەڵام ڕێژەی وەڵامەکان لە (%17.44) تاڕادەیەکە. بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات کە شوێنی کارکردن بووەتە ئاستەنگ بۆ ئافرەت لە کەرتی گشتیدا .

**5. بەڕای تۆ خێزان ئاستەنگی دروست کردووە لەبەردەم کارکردنی ئافرەت لە کەرتی گشتیدا ؟**

خشتەی 8 خێزان وەکو ئاستەنگێک بۆ کارکردنی ئافرەت لە کەرتی گشتیدا ڕووندەکاتەوە

| وەڵام | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 187 | %48.69 |
| نەخێر | 120 | % 31.25 |
| تارادەیەک | 77 | |
| کۆی گشتی | 384 | %100 |

لە خشتەی (8) بۆمان دەردەکەوێت، زۆرترین وەڵامی نموونەکە بەبەڵێ یە، کە دەکاتە (%48.69)، هەروەها ڕێژەی (%31.25) نەخێرە، بەڵام ڕێژەی وەڵامەکان لە (% 20.05) تاڕادەیەکە. بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکە، خێزان بووەتە ئاستەنگ بۆ ئافرەت تاوەکو لە کەرتی گشتیدا کار بکات و بتوانی لە ڕێگەی ئەو توانایەی هەیەتی خزمەت بکات لە کەرتی گشتیدا.

**6. بەڕای تۆ نزمی ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە، نابێتە ئاستەنگ لە بەردەم کارکردنی ئافرەت لە کەرتی گشتیدا ؟**

خشتەی 9 نزمی ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە، وەکو ئاستەنگێک بۆ ئافرەت لە کەرتی گشتیدا ڕووندەکاتەوە

| وەڵام | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 306 | %79.68 |
| نەخێر | 34 | % 8.85 |
| تارادەیەک | 44 | |
| کۆی گشتی | 384 | %100 |

لە خشتەی (9) بۆمان دەردەکەوێت، زۆرترین وەڵامی نموونەکە بەبەڵێ یە، کە دەکاتە (%68.79)، هەروەها ڕێژەی (% 85.8) نەخێرە، بەڵام ڕێژەی وەڵامەکان لە (%11.45)تاڕادەیەکە.

بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکە، دەردەکەوێت نزمی ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە ،بووەتە ئاستەنگێکی گەورە بۆ ئافرەت تاوەکو لە کەرتی گشتیدا کار بکات.

**7. بەڕای تۆ ئایا کولتوور و بەها کۆمەڵایەتییەکان، هۆکار و بەربەستن لە بەردەم کارکردنی ئافرەت لە کەرتی گشتیدا؟**

خشتەی10 کولتوور و بەها کۆمەڵایەتییەکان، وەکو هۆکار و بەربەست لە بەردەم کارکردنی ئافرەت لە کەرتی گشتیدا ڕووندەکاتەوە

| وەڵام | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 329 | %85.67 |
| نەخێر | 25 | % 6.51 |
| تارادەیەک | 30 | |
| کۆی گشتی | 384 | %100 |

لە خشتەی (10) بۆمان دەردەکەوێت، زۆرترین وەڵامی نموونەکە بەبەڵێ یە، کە دەکاتە (%85.67)، هەروەها ڕێژەی (% 6.51) نەخێرە، بەڵام ڕێژەی وەڵامەکان لە (7.81

%)تارادەیەکە. بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکە، دەردەکەوێت کولتوور و بەها کۆمەڵایەتییەکان، هۆکارێکن لەبەردەم کارکردنی ئافرەتان، بەتایبەتی لەبەردەم هەندێک پیشەی تایبەتی وەکو (ڕاگەیاندار و کارکردن لەبواری پۆلیسی و ئاسایشدا ).

**8. بەڕای تۆ هاوکارینەکردنی پیاوان بۆ ئافرەتان لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی ماڵ، بەربەستە بۆ کارکردن لە کەرتی گشتیدا ؟**

خشتەی11 هاوکارینەکردنی پیاوان بۆ ئافرەتان لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی ماڵ، وەکو بەربەست کەرتی گشتیدا ڕووندەکاتەوە

| وەڵام | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 304 | %79.16 |
| نەخێر | 60 | % 15.62 |
| تارادەیەک | 20 | |
| کۆی گشتی | 384 | %100 |

لە خشتەی (11) بۆمان دەردەکەوێت، زۆرترین وەڵامی نموونەکە بەبەڵێ یە، کە دەکاتە (%79.16)، هەروەها ڕێژەی (%15.62) نەخێرە، بەڵام ڕێژەی وەڵامەکان لە (20 .%5) تاڕادەیەکە. بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکە، دەردەکەوێت هاوکارینەکردنی پیاوان بۆ ئافرەتان لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی ماڵ ،بووەتە ئاستەنگێکی گەورە بۆ ئافرەت تاوەکو لە کەرتی گشتیدا کارەکانیان بەباشی ڕاپی بکەن.

## تەوەرەی هەشتەم: ئەنجامەکانی توێژینەوە

لە دوای خستنەڕووی ئەنجامەکانی بەدەست هاتووە، لە وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە، گەیشتین بەکۆمەڵێك ئەنجامی گرنگ لەژێر ڕۆشنایی ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە کە بریتی بوو لە زانین و دەستنیشانکردنی کاریگەرترین لەمپەرەکانی بەردەم کارکردنی ئافرەتی کارمەند لە دامودەزگاکانی کەرتی گشتیدا. دەتوانیین گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بە چەند خاڵێک بخەینەڕوو:-

1 . ئافرەتان هەست بە جیاوازی ڕەگەزی ناکەن لەناو دامودەزگاکانی کەرتی گشتیدا، چونکە بەپێی خشتەی (4) زۆرینەی نموونەکە وەڵامەکانیان (%51.30) نەخێرە، بەڵام (%26.56) بەڵێ یە، بەڵام وەڵامەکان لە (%22.13) تارادەیەکە. هۆکارێکی سەرەکی کەمی ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ یاسایی خزمەتی مەدەنی عێراق، کە لەڕووی ئەرك و بەرپرسیاریەتییەکان و مافەکان هەردوو ڕەگەز یەکسانن.

2 . فەرمانبەر ئافرەت لەململانێکی توندوتیژدان لە بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان بەرپرسیاریەتی خێزان و منداڵ پەروەردەکردن و بەرپرسیاریەتیەی لەو دەزگا حکومییانەی کە تێیدا فەرمانبەرن. چونکە بەپێی خشتەی (5) دەردەکەوێت، زۆرینەی نموونەکە وەڵامەکانیان بەڕێژەی (%65.10) نەخێرە، واتە هاوسەنگی نییە لە نێوان بەرپرسیاریەتی خێزان و بەرپرسیاریەتی کارکردن، بەڵام ڕێژەی (%14.58) بەڵێ یە، هەروەها لە (%21.31) تارادەیەکە.

3 . فەرمانبەری ئافرەت ناتوانن هاوسەنگی لە نێوان بەرپرسیاریەتی خێزان و منداڵ پەروەردەکردن و بەرپرسیاریەتیەی لەو دەزگا حکومییانەی کە تێیدا فەرمانبەرن بپارێزن،

چونکە بەپێی خشتەی (6) دەردەکەوێت، زۆرینەی نموونەکە وەڵامەکانیان بەڕێژەی (%63.28) نەخێرە، ڕێژەی وەڵامەکان (%20.31) بەڵێ یە، بەڵام وەڵامەکان لە (%16.40) تارادەیەکە. ئەمەش لە بەر ئەوەی هەفتانە کارمەندی کەرتی گشتی کە هەفتانە نزیکەی (40) کاتژمێر بۆ کاری وەزیفی تەرخان دەکەن ناتوانن سۆز و پەروەردەی دایکایەتی بەشێوەیەکی تەندروست ببەخشن بە منداڵەکانیان. لە پاڵ ئەمەش ئافرەتی فەرمانبەر ناتوانێ بەشێوەیەکی گونجاو و پێویست، کات تەرخان بکات بۆ گەشەپێدانی خودی و کارەکەی، لە بەر دروست بوونی ئەرك و بەرپرسیاریەتی لە دوو لایەن.

4 . لە گرنگترین بەربەستەکانی بەردەم کارکردنی ئافرەتان لە کەرتی گشتیدا بریتین لەم بەربەستانە -: کولتوور و بەها کۆمەڵایەتییەکان بە ڕێژەی (%85.67)، هاوکارینەکردنی پیاوان بۆ ئافرەتان لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی ماڵ بە ڕێژەی (%79.16)، نزمی ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە بە ڕێژەی لە (%68.79)، شوێنی کارکردن بە ڕێژەی لە (%51.56)، هەروەها خێزان بە ڕێژەی (%48.69).

**تەوەرەی نۆیەم: پێشنیازەکان**

1 . ئەنجامدانی توێژینەوە لە بارەی کارکردنی ئافرەتان لەدەرەوەی ماڵ و کاریگەری لەسەر پەروەدەی منداڵ.

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەمەڕ کاریگەری کارکردنی ئافرەتان لەسەر گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی.
2. ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەی پەیوەندی کولتوور بە کارکردنی ئافرەتانەوە.

**تەوەرەی دەیەم: ڕاسپاردەکانی توێژینەوە**

1. دروستکردنی گروپی گفتوگۆ لە نێوان ئافرەتان بۆ ئەوەی هۆکارە کۆمەڵاتییەکانی بەردەم لاواز بوونی ئاستی پێشکەشکردنی ئەدای کارکردنی کارمەندانی ئافرەت دەست نیشان بکرێت، لە دام و دەزگا حکومیەکان لە هەرێمی کوردستان.
2. دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان دەزگا پەروەردەیەکان، خانەوادەی فەرمانبەرانی ئافرەت و دابینکردنی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ منداڵان و ئافرەتان.
3. کاراکردنی یەکەکانی ڕاهێنان لە دام و دەزگا حکومییەکان بە تایبەتی لە بواری سەرکردایەتی و پەیوەندیکردن و بەڕێوەبردنی سامانە مرۆییەکان.
4. بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە نێو فەرمانبەران و هاووڵاتیان دەربارەی یاسا و ڕێنماییەکانی بەڕێوەبردنی سامانی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان.


**سەرچاوەکان (References)**

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان**

- احمد، خالس قادر، بەڕێوەبەری گشتی-وەزارەتی تەندروستی، لە ڕێکەوتی 2019/9/16.

-زێباری، تاهیر حسۆ (2018) *ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی لە کۆمەڵناسیدا*، چ1، و: جبار، شەهلا وەلی، هەولێر: نوسینگەی تەفسیر.

-عەلائەدین، دلاوەر (2013) *نیشتمان سازی و سیستەمی فەرمانڕەوایەتی خۆماڵی لە هەرێمی کوردستان*، چاپخانەی هەولێر.

-چەند دۆکیۆمێنتێکی نێودەوڵەتی لە بارەی مافەکانی مرۆڤەوە (2006)، و. قادر وریا، هەولێر :دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان .

-ڕاپۆرتی کاروچالاکییەکانی وەزارەتی پلاندانان-(وەرزی سێیەم-2018)، وەزارەتی پلاندانان-حکومەتی هەرێمی کوردستان. وەرگیراوە لە ماڵپەڕی فەرمی وەزارەتی پلاندانان:-
&id=124&http://www.mop.gov.krd/index.jsp?sid=1 pid=84

-ڕاپۆرتەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ساڵی 2012 و2014و2016. بڵاوکراوەتەوە لە ماڵپەڕی فەرمی دەستەی ئامار.
&http://www.krso.net/Default.aspx?page=list c=latestpublication

-ڕاپۆرتی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، 2014-2018 بە نیشاندەر(2019). بڵاوکراوەتەوە لە ماڵپەڕی فەرمی دەستەی ئامار.
&http://www.krso.net/Default.aspx?page=list c=latestpublication

**دووەم:سەرچاوە عەرەبییەکان**

- الموسوی، حنان عبدالخضر و عبدالرزاق، اسامة نزار عبدالستار (2020) *القطاع الخاص في العراق الواقع وسبل النهوض*، العراق: مجلة الكلية الاسلامية الجامعية، المجلد 1، العدد 55، ص202-171.

- البني، شذا صادق و الحوراني، محمد عبدالكريم (2019) *عمل المراة الاماراتية وأثره في اسقرار الاسري*، مجلة الاداب، جامعة الشارقة، مجلد 1، عدد 130.

- العزاوي، رحيم يونس (2008) *مقدمة في منهج البحث العلمي*، ط1، عمان: دار الدجلة.

- النعيمی ،فارس عبداللة (2018) *مفهوم ونشأة القطاع العام*، دار النهضة للطباعة .

- حسن، حسين عجلان (2006) *القطاع العام في العراق بين ضرورات التطوير وتحديات الخصخصة*، *العراق*: مجلة , Journal of Baghdad College of Economic sciences University، Volume , Issue 11, Pages 1-47.

- دويدري، رجاء وحيد (2000) *البحث العلمي: اساسياته النظرية وممارساته العلمية*، دیمشق: دار الفكر.

- دی بوفوار، سيمون (2004) *الجنس الاخر*، ت:مجموعه من اساتذه الجامعه، بيروت : ط4، المكتبة الاهليه.

- رحاحله، حازم (2012) *تمايز الأجور بين قطاعين العام والخاص*، *القطر* : مركز العربی للابحاث و دراسة السياسات.

- صوان، فرج محمد (2017) *البحث العلمي-المفاهيم، الأفكار، الطرائق و العمليات*، ط1، لبنان: ابن نديم للنشر و التوزيع.

- عبدالفتاح، كاميليا (1972)، *سوسيولوجيا المرأة*،ط1،القاهرة: دار الثقافة العربية للطباعة.

- قانون تعديل قانون الخدمة المدنية رقم (24) لسنة 1960 المعدل.

https://arb.parliament.iq/archive/2009/08/17/%D9%82%D8%A7%D9%86%D9%88%D9%86-%D8%AA%D8%B9%D8%AF%D9%8A%D9%84-

- كريم، بودخدخ و مسعود، بودخدخ (2011) *رؤية نظرية حول استراتيجية تطوير القطاع الخاص في النشاط الإقتصادي*، ورقة بحثية ورقة بحثية مقدمة للمشاركة ضمن فعاليات الملتقى الوطني الأول حول : "دور القطاع الخاص في رفع تنافسية الإقتصاد الجزائري والتحضيرلمرحلة ما بعد البترول " يومي 20 و 21 نوفمبر 2011، جامعة محمد الصديق بن يحي – جيجل -كلية العلوم الإقتصادية و العلوم التجارية و علوم التسيير.

- مايو، الفون (2007) *التصنيع والمشاكل الانسانيه*، ت: اسماعيل، محمد عماد الدين و بدران، احمد، مكتبه القاهره .

- مشري، درويش (2013) *القطاع الخاص ودوره في التنمية*، جامعة قاصدي مرباح – ورقلة- كلية العلوم االقتصادية والتجارية وعلوم التسيير.

- نادية، فرحات (2012) *عمل المراة و اثره على العلاقات الأسرية*، جزائر: البحث منشور في الاكاديمية للدراسات الاجتماعية و الانسانية- جامعة حسبة بن بوعلي شلف،العدد 8،ص126-134.

**سێیەم:سەرچاوە بیانییەکان .**

Ali، S، (2001)*challenges facing women employees in career development :a focus On kapsabet municipality*، academic journals.

Bratton-، j، gold، j.(2007)، *Human Resource Management theory and practice*، 4th ed، Macmillan:us press LTD

Coolican-، H (2014) *Research Methods and Statistics in Psychology*, New York: Psychology Press.

http://www.laborright.org/issues/women

(2005) *International human right instruments*- ، the university of Nottingham، UK.

Labor right (2013): available at http:/www.labor.org/issues /women.

Liz Day and Macaskill (2007) *personaliy,* john, -Maltby, *individual differences and intelligence*, England: Pearson Prentice Hall.

academic journals. ،On kapsabet municipality

Adrian and Thorn hill, Mark, Lewis, Philip, -Saunders, (2007) *Research methods for business students (4 Ed.).*) Pearson Education Limited.:Edinburgh Gate, Harlow

-Sekaran, Uma (2003) *Research methods for business: A skill-building approach (4 Ed.),* New York: john Wiley& Sons Inc.

-THE WORLD BANK REPORT (2015), Kurdistan Region of Iraq: *Economic and Social Impact Assessment of the Syrian Conflict and the ISIS Crisis*: available online:

*J ،in baylis،Genderin world politics*،A.(2005)،-Ticker "The globalization of world ،*S.(2005)،andsimth* New York:Oxford University press .،"3rd ed،politics

https://openknowledge.worldbank.org/handle/10986/21597